



عومەر عەلی غەفوور

# جیهاد لە ئیسلامدا

## کورتەیەکی مێژوویی

ئەگەر چی وشەی (الجهاد) لە ڕووی زمانەوانییەوە مانایەکی گشتیی هەیە و بە مانای کۆششکردن دێت، کە دەکرێت کۆششی مەدەنیش بگرێتەوە و لەم ڕوانگەوە بانگەوازکردن بە زمان و قەڵەم و پارەیش جۆرێکە لە کۆشش، بەڵام مانای بەربڵاوی وشەی جیهاد لە قورئان و حەدیس و ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بریتییە لە شەڕی چەکداری (القتال) و لە پێناسەیدا گوتراوە: «أما تعريفه شرعاً فهو بذل الجهد في قتال الكفار» (واتە: پێناسەی لە ڕووی شەرعەوە کۆششکردنە لە شەڕی کافراندا)[2].

عەبدوڵڵا عەززامیش لە کتێبی (فی الجهاد، آداب وأحكام)دا دەڵێت، لە شەرعدا جیهاد تەنها مانای «کوشتار و یارمەتیدان تێیدا» دەگەیەنێت.

وەك زانراوە تەمەنی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەر 23 ساڵ بووە، 13 ساڵ لە مەککە بووە کە قۆناغی بانگەواز و ئارامگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی قورەیشییەکان و پەنانەبردن بووە بۆ شەڕ و توندوتیژی. دە ساڵی کۆتاییش لە مەدینە بووە کە قۆناغی جیهاد لەگەڵ کافران و دەوڵەتداری و چەسپاندنی پایەکانی و بنبڕکردنی ئەو هێزانە بووە لە دوورگەی عەرەبی، کە مەترسییان هەبووە.

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان غەزوەکانی پێغەمبەر[2] لە ماوەی نێوان ساڵی 2-9ی کۆچی بوون، واتە نزیکەی هەشت ساڵ و تێیدا بە پێی سەرژمێرییە جیاوازەکان لە نێوان 25 تا 29 غەزوەی کردوە، کە لەوانە تەنها لە نۆ غەزوەیاندا شەڕ ڕووی داوە و ئەوانی تر شەڕ ڕووی نەداوە. زۆرترینیشیان لە ساڵی دووی کۆچیدا بووە کە 8 غەزوەی تێدا کراوە... ئەمە جگە لە سریەکانی کە ژمارەیان لە غەزوەکان زیاتر بووە بە چل تا حەفتا سریە مەزەندە کراوە[3].

لە ماوەی سێ ساڵدا (2-5 ك) هەر سێ شەڕی گەورەی بەدر و ئوحود و خەندەق (ئەحزاب) ڕوویان داوە، ئەمە جگە لە پەلاماردانی هۆزە جولەکەکان (بەنی قەینوقاع، بەنی نەزیر و بەنی قورەیزە و بەنی موستەلەق) لەو ماوەیەدا، پاشتر شاری مەککەیش هەر لە ڕێی فەتحی سەربازییەوە دەگیرێت (ساڵی 8ك)[4].

## قۆناغەکانی فەرزکردنی جیهاد

زۆر توێژینەوە قۆناغەکانی تەشریعکردنی جیهادی چەکداری بۆ چوار قۆناغ دابەش دەکەن[5]:

1. قۆناغی ئارامگرتن و وەڵام نەدانەوەی ئازاردانەکان (لە مەککە):

* قُل لِّلَّذِينَ آمَنُوا يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لا يَرْجُون أَيَّامَ اللَّهِ... {الجاثيه/14}

* أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّواْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً...{النساء/77}

2. قۆناغی ڕێگەدان بە شەڕکردن بە بێ فەرزکردنی:

* فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْاْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً...فَإِن لَّمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُواْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ وَيَكُفُّوَاْ أَيْدِيَهُمْ فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثِقِفْتُمُوهُمْ وَأُوْلَئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَانًا مُّبِينًا{الحج/39-40}

3. قۆناغی فەرزکردنی شەڕکردن تەنها دژی ئەوانەی شەڕی موسوڵمانان دەکەن:

* فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْاْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً...فَإِن لَّمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُواْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ وَيَكُفُّواْ أَيْدِيَهُمْ فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثِقِفْتُمُوهُمْ وَأُوْلَئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَانًا مُّبِينًا{النساء/90-91}

4. دەستپێشخەری شەڕکردن لەگەڵ سەرجەم بێ باوەڕانی گشت ئایینەکان تا موسوڵمان دەبن، یان جیزیە دەدەن، کە پاش تەواوبوونی چوار مانگ لە حەجی ساڵی نۆی کۆچی و کۆتاییهاتنی ئەو پەیمانانەی بەسترابوون دەستی پێ کرد. کاتێک پێغەمبەر کۆچی دوایی کرد حوکمی جیهاد لە سەر ئەمە دامەزرابوو:

* فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ... {التوبە/5}

* قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ {التوبە/29}

## جیهاد لە قورئاندا

قورئان گرینگییەکی زۆری بە جیهاد بە سەر و ماڵ لە پێناوی خودا، بەرزکردنەوەی (وشەی خودا)، سەرخستنی (دینی خودا) داوە. هانی بڕواداری داوە کە هیچ شتێك، ماڵ و سامان و کەسوکار و تەنانەت باوك و دایکیش پێش ئەو نەخەن و هەڕەشە لەوانە دەکات جیهاد ناکەن، هەروەها بەڵێنی پشتیوانیی خوا و مەلایکەت لە دونیا و شەهادەت و بەهەشتی نەبڕاوە لە ئاخیرەت بە موجاهیدان دەدات، ئەوانەی شەڕ لە پێناو بڵاوکردنەوەی دینی خوا و شکاندنی کافران دەکەن. کۆمەڵێک دەقی بە جۆشیش هەن بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەران و هەڵنەهاتن لە بەرەی شەڕی دوژمن و پشتئەستووری بە کۆمەکی ئاسمان و چەندقاتبوونی هێز و توانایان و بردنەوەی یەکێك لە دوو شتە باشە (الحسنيين): سەرکەوتن، یان شەهیدبوون.

لێرەدا پێم باشە هەم بۆ خستنەڕووی بەشێك لەو ئایەتانە و دەرخستنی ڕادەی گرینگیدانی قورئان، هەروەها حەدیسیش، بە مەسەلەی (جیهادی کافران)، جا لە هەر دۆخێکدا بێت، هەم بۆ ئاماژەدان بەوەیش کە وەك سەرەتا هەر دوو ڕەوتی جیهادی و مەدەنیی ئیسلامی سیاسی وەك یەك باوەڕیان بە واجبی و پیرۆزیی جیهادی چەکداری هەیە، پوختەی (رسالە الجهاد)ی حەسەن بەننا دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمین بگوێزمەوە، کە تێیدا ئاماژە بە کۆمەڵێک دەق لە ئایەت و حەدیس و وتەی زانایان لەو بارەیەوە دەکات، کە هەمان ئەدەبیاتە جیهادییەکانیش دەیڵێنەوە.

بەننا دەڵێت: «خوا جیهادی لە سەر هەموو موسوڵمانێك فەرز کردووە کە هیچ بواری ئەم لا و ئەو لای تێدا نییە و هاندانی زۆری بۆ کردووە و پاداشتی گەورەی بۆ موجاهید و شەهیدان داناوە و ئیمتیازاتی ڕۆحی و کرداری لە دونیاو ئاخیرەتدا پێ بەخشیون، کە بە کەسی تری نەبەخشیوە و هەڕەشەی توندی لەوانە کردووە پاڵی لێ دەدەنەوە... هیچ سیستمێکی کۆن، یان نوێی ئایینی یان مەدەنی نابینێتەوە وەك ئایینی ئیسلام بایەخی دابێت بە جیهاد و سەرباز بوون و بەسیجکردن و لە بۆتەدانی ئوممەت لە یەك

ڕیزدا بۆ بەرگریکردن لە هەق بە هەموو تواناکانەوە.
ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و حەدیسەکانی پێغەمبەری مەزن (د.خ) پڕن لەم مانا بالایانە».

جا ژمارەیەك لەو ئایەتانە دەخاتە ڕوو، لەگەڵ هەندێک وردە سەرنجی خۆی بەم شێوەیە:

* كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ {البقره/216}

كُتِبَ: واتە فەرز کراوە وەك خوا لە هەمان سورەتدا دەفەرموێ «كتب عليكم الصيام».

* وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ {آل عمران/169}

* فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآخِرَةِ وَمَن يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيُقْتَلْ أَو يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا {النساء/74}

* سورەتی ئەنفال هەر هەمووی هەڵنانە بۆ کوشتار و دامەزراوی لە سەری، لەبەر ئەوە موسوڵمانانی پێشوو کردبوویانە سروودێکی سەربازی و لە کاتی گەرمبوونی شەڕدا دەیانگوتەوە:

* وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ... {الانفال/60}.

* يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّئَةٌ يَغْلِبُواْ أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ...{الانفال/65}

* سورەتی (التوبە) هەمووی هاندان بۆ شەڕ و ڕوونکردنەوەی ئەحکامەکانیەتی، هەر ئەو ئایەتە بەسە کە خوا لە بارەی شەڕکردن لەگەڵ موشریکانی پەیمان شکاند و دەیڵێت:

قَاتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ اللّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُّؤْمِنِينَ {التوبه/14}...

* پاش ئەوە بەیعەتێکی گشتگیر دێت

و هیچ بیانوویەك بۆ کەس ناهێڵێتەوە:

* إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ...{التوبه/111}.

* ببینە چۆن سورەتێکی تەواوی کتێبی خوا بە ناو شەڕ و کوشتار (القتال)ـە (دەڵێن ئەو سورەتە سورەتی محمدە-عومەر). سورەتی (الفتح)یش هەمووی لە بارەی غەزوەیەکی پێغەمبەرەوەیە»[6]. (دەقەکەی بەننا تەواو).

جگە لەم ئایەتانەی بەننا باسی کردن، دەیان ئایەتی تریش هەن، بە تایبەت سورەتەکانی ئەنفال و تەوبە، کە هەندێکیان زۆر پێداگرن لە سەر ئەو شەڕە و ڕۆحیەتێکی هێرشبەرانەیان هەیە، لەوانە:

* وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً {التوبه/36}

* يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ قَاتِلُواْ الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ وَلِيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً... {التوبه/123}

* وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلّهِ فَإِنِ انتَهَواْ فَلاَ عُدْوَانَ إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ {البقره/193}

## جیهاد لە حەدیسدا:

بەننا لە (رسالە الجهاد)ەکەیدا، 31 دەقی حەدیسی هێناوە لە بارەی فەزڵ و گرینگیی جیهاد و پاداشتی موجاهیدان و سزای ئەوانەی جیهاد ناکەن، کە ئەمانە هەندێکیانن:

* «مثـل المجاهـد فـى سـبيل اللـه كمثـل الصائـم القائـم القانـت بيات اللـه، لا يفتـر مـن صيـام ولا صلاه حتى يرجع المجاهـد فـى سـبيل اللـه تعالـى «/ بوخـاری و موسـليم.

* «مثـل المجاهـد في سـبيل اللـه كمثـل الصائـم القائـم القانـت بآيـات اللـه، لا يفتـر مـن صيـام ولا صـلاة حتـى يرجـع المجاهـد في سـبيل اللـه تعـالى»)/ بوخاری و موسـليم.

* «لـولا أن يشـقّ عـلى المسـلمين مـا قعـدتُ خـلاف سريّـة، ولـودّدتُ أنّي أغـزو في سـبيل اللـه فأقتـل، ثـمّ أغـزو فأقتـل، ثـمّ أغـزو فأقتـل») موسـليم.

دەقـەكان هێنـدە زۆر و بـە حەمـاس و وزەبەخشـن، كـە ئـەو كەسـەی كارلێكیـان لەگـەڵ بـكات، ڕۆحیەتێكـی جەنگاوەرانـەی بـۆ دروسـت دەبێـت و دڵگـەرم دەبێـت بۆ ئـەو شـەڕە و بەگژداچوونـەوەی ئەوانـەی بـە لای ئـەوەوە مەترسـی، یـان بەربەسـتن لـە بـەردەم بڵاوبوونـەوەی ئایینەكـەدا.

دیـارە وتـەی زانایانیـش لـە بـارەی فـەزڵ و گەورەیـی جیهادكـردن زۆرە و وا بزانـم كـە ئایـەت و حەدیـس هەبـوو ئیتـر ئـەوی تـر باسـكردنی زیـادە.

### جیهاد بۆ بەرگرییە یان هێرش؟!

لێـرەدا ئـەو پرسـیارە سـەر هەڵدەداتـەوە ئایا جیهـاد لـە ئیسـلامدا جیهـادی هێـرش (واتـە جیهـادی تەڵەب)ـە، یـان جیهـادی بەرگـری (جیهـادی دەفـع)؟! ئەگـەر هـەر دوو ڕەوتـی ئیسـلامی (جیهـادی) و (مەدەنـی) خاوەنـی هەمـان بیروبـاوەڕن لـە بـارەی جیهـاد و هەمـان دەق دەڵێنـەوە، ئـەی لـە چیـدا جیـاوازن؟!

سـەرەتا لـە بـارەی سروشـتی جیهـاد دوو بۆچـوون هەیـە: بۆچوونـی ڕەوتـە جیهادییـەكان كـە دەڵێـن جیهـاد هێـرش بوە+بۆچوونـی ڕەوتـە مەدەنییـەكان و زۆر لـە بیرمەنـدان كـە پێیـان وایـە جیهـاد بەرگریكـردن بـوە.

ئەگـەر سـەدان سـاڵ فتوحاتـی ئیسـلامی بكرێتـە بەڵگـە، ئـەوا بـە ڕوونـی دیـارە كـە جیهـاد دەستپێشـخەرانە و هێرشـبەرانەیە، بـەڵام ڕەوتـی دووەم هێشـتا هـەوڵ دەدەن بیسـەلمێنن جیهـاد بـە درێژاییـی سـەدان سـاڵ فەتحیـش هـەر بەرگریكـردن بـوە، یاخـود هێرشـێكی بەرگریكارانـەی بـەردەوام بـوە بـۆ دوورخسـتنەوەی دوژمـن كـە مەترسـی هەیـە هێـرش بهێنێتـە سـەر موسـوڵمانان، ئـەوەی ئێسـتا پێـی دەگوترێـت (الحـرب الاسـتباقیە).

**كەم نین ئەو زانا ئایینی و بیرمەندە ئیسلامییانەی باوەڕیان وایە جیهاد لە ئیسلامدا سروشتێكی بەرگریكارانەی هەیە و بۆ بەرپەرچدانەوەی ستەم و دەستدرێژی و چەوساندنەوەی ئایینی دانراوە، نەك ئامرازێك بۆ بڵاوكردنەوەی ئایینەكە بە زەبری هێز و هەڵكوتانە سەر كۆمەڵگە و وڵاتانی ناموسوڵمانی بێوەی بە مەبەستی ملكەچكردنیان بۆ ئیسلام**

## سروشتی جیهاد

سەرەتا دەبێت بزانین خاڵی جیاکەرەوەی ئەو دوو ڕەوتە چییە؟ هەر یەکەیان چۆن چۆنی لە جیهاد تێ دەگات و بۆچوونی هەر یەکەیان لە سەر چ فەلسەفەیەك دامەزراوە؟!

وەك لە پەیامی جیهادەکەی حەسەن بەننا و لە ئەدەبیاتی سەرجەم ڕەوتە ئیسلامییە مەدەنییەکانیشدا دەیخوێنینەوە، ئەوانیش هاوشێوەی جیهادییەکان باوەڕیان بە (جیهادی قیتال) هەیە، چونکە دەقەکان لەو بارەوە هێندە زۆرن نکوڵی ناکرێن، هەروەها کۆکن لە سەر ئەوەی هەر کات خاك و وڵاتی موسوڵمانان لە لایەن دوژمنەوە داگیر کرا، جیهاد دەبێتە فەرزی عەین (واتە لە سەر هەموو تاکێکی موسوڵمان واجب دەبێت) و لەمەدا هەر دوو لا هاوڕان.

بەڵام ناکۆکییەکەیان لە سەر ئەوەیە: ئاخۆ ئەگەر (دوژمنی کافر) دەستدرێژی نەکرد و هیچ زیانێکی بە موسوڵمان نەدەگەیاند و لە ماڵوحاڵی خۆی وەدەری نەدەنا و پاڵپشتی دوژمنانیان نەدەکرد، موسوڵمان لە جێی خۆی نابزوێت، یان نەخێر دوژمن بێوەی بێت و بەوەی بێت، لە سەر موسوڵمان فەرزە دەستپێشخەری بکات و جاڕی جەنگی لە دژ بدات، تا موسوڵمان دەبێت یان تەسلیم دەبێت و جیزیە دەدات؟!

لێرەدا دوو ڕەوتەکە هەر یەکەیان لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە بۆ فەلسەفەی جیهاد دەڕوانێت: ڕەوتە مەدەنییەکە پێی وایە لەبەر ئەوە کافر لەبەر کوفرەکەی جیهادی واجب نابێت، بەڵکوو کاتێک جیهادی واجب دەبێت کە مەترسی بۆ سەر موسوڵمان دروست بکات، بۆیە تا ئەو دەستپێشخەریی دەستدرێژیکردن نەکات جیهادی لە دژ ناکرێت، بەڵام ڕەوتە جیهادییەکە دەڵێت نەخێر کافر لەبەر کوفرەکەی جیهادی لە دژ دەکرێت لەبەر ئەوەی هەر خودی کوفرەکە خۆی گەورەترین مەترسییە و خوا فەرمانی کردوە شەڕی خەڵك بکرێت تا دەڵێن (لا الە الا اللە)، یان ملکەچی دەسەڵاتی ئیسلام دەبن و ئەوەیش تا قیامەت بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوە ئەوان دەستدرێژی بکەن، یان نەیکەن موسوڵمان دەبێت جیهادیان لە دژ بکات تا ملکەچیان دەکات. ئەمانە سڵ ناکەنەوە لەوەی بڵێن ئیسلام بە زەبری هێز بڵاو بوەتەوە و دەبێتەوە.

ئەم دوو ڕەوتە ڕوانگەیان تەنها لە بابەتی جیهاد دژی (بێباوەڕان) جیاواز نییە، بەڵکوو لە بابەتی جیهادکردن بۆ گۆڕینی ئەو ڕژێمانەی وڵاتانی ئیسلامییش کە سیکولارن و حوکم بە شەریعەت ناکەن ڕایان جیاوازە. ڕەوتە مەدەنییەکە باوەڕی وایە لەبەر چەند ئیعتیبارێك نابێت پەنا بۆ شۆڕشی چەکداری و یاخیبوون (جیهاد) دژی ئەو ڕژێمانە ببرێت، لەوانە: یەکەم: ئەگەر سەرانی ئەو ڕژێمانە خۆیشیان سیکولار و بێ باوەڕ بن (لەو ڕووەوە بە پێی ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسیی هەر حیزب، یان کەسێك باوەڕی بە تەحکیمی شەرعی خوا نەبێت کافرە)، میللەتەکە لەگەڵیدا سوپا و پۆلیسی وڵاتەکەیش کە بەرگری لەو ڕژێمە دەکەن موسوڵمانن و کوشتنیان جائیز نییە. دووەم: ئەو ڕژێمانە ئەگەر چی حوکم بە شەریعەت ناکەن، بەڵام بڕیاردان لە سەر کافربوونیان کارێکی مەترسیدارە مەگەر خۆیان ڕاشکاوانە جاڕی بێباوەڕییان بدەن، لە کاتێکدا سەرانی هیچ ڕژێمێکیش ئەوەیان ڕانەگەیاندوە و خۆیان بە موسوڵمان دادەنێن.

سێیەم: ئەگەر جیهاد بۆ ڕوخاندنی ئەو ڕژێمانە پێویستیش بێت، هێشتا زەمینەی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ ڕاگەیاندنی ئەو جیهادە ساز و لە بار نییە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی ڕەهای خەڵك واقیعە نوێکەیان قەبووڵ کردوە و باوەڕیان بە ڕەوتە ئیسلامییەکە نییە و پشتگیری ناکەن، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زلهێزانیش دژی دەوەستنەوە، هەر بۆیە بالانسی هێز لە بەرژەوەندیی ڕژێمەکانە و جیهادەکە بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت دەکرێت و خوێنێکی زۆر بەناهەق دەڕژێت. زۆر جار ئەم قۆناغە بە قۆناغی بانگەوازی ئیسلامی لە مەککە دەشوبهێنن کە موسوڵمانان لاواز و کەمینە بوون و دەبوو دان بە خۆیاندا بگرن تا دۆخەکە لە بەرژەوەندییان دەگۆڕێت، واتە باوەڕی وایە پێویستە سەرەتا کۆمەڵگە لە ڕێی پەروەردەوە بگۆڕین تا پرۆژەی ئیسلامییەکان قەبووڵ بکات، ئەو کاتە کۆمەڵگە خۆی لوتکەی هەڕەمەکە (واتە دەسەڵات) دەگۆڕێت. ئەم ئیعتیبارەی سێیەم ئیعتیبارێکی زیاتر پراگماتییە نەك مەبدەئی، لەو ڕووەوە ڕاگەیاندنی جیهادی زیاتر لە سەر کات و باروودۆخ ڕاگرتوە، بەو مانایەی ئەگەر دۆخەکە گۆڕا و ئەگەری سەرکەوتن لە پێش بوو، ڕاگەیاندنی جیهاد ئاساییە (لێرەوەیە ئیخوان موسلیمین لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامی جیهادی چەکداری ڕانەگەیاندوە، بەڵام کاتێك ساڵی 2011 شۆڕشی سووریا دژی ڕژێمی ئەسەد سەری هەڵدا ئەویش گروپی چەکداریی دامەزراند، لە هەشتاکانیش ڕاپەڕینێکی تری دژی ڕژێمی ئەسەدی باوك ئەنجام دا کە بە توندی سەرکوت کرا).

بەڵام ڕەوتە جیهادییەکە هەموو ئەو پاساو و ئیعتیبارانە ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە عەلمانییبوونی ئەو ڕژێمانە خۆی بەسە بۆ ئەوەی جیهادکردن لە دژیان واجب بێت، هەروەها هەر سەرباز یان پۆلیس و ئاسایشێکیش بەرگری لە ڕژێمێکی کافر بکات کافرە و کوشتنی حەڵاڵە، ئیتر گرینگ نییە ژمارە و توانای لۆجستی و ڕادەی بنکەی جەماوەری و ئەگەری سەرکەوتنی جیهادەکە چەندە، چونکە خوا بەڵێنی سەرکەوتنی بە ئیمانداران داوە و خوا پشت و پەنایە و سەرکەوتن بە زۆر و کەمی نییە، بۆ بەڵگەیش چەندین ئایەت دەهێننەوە، لەوانە «...كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ»{البقرە/249}. بۆ ئەو مەبەستە هەندێکیان تەنانەت خۆیان نەبواردوە لەوەی تەواوی کۆمەڵگەیش تەکفیر بکەن مادام بە حوکمی (جاهیلیەت) ڕازین، لەوانە گروپی (التكفير و الهجرە) کە لە شەستەکاندا لە میسر دروست بوو. ئەم گوتارە لە نووسینە حەرەکییەکانی سەیید قوتبدا بە ڕوونی دیارە.

بەڵام لێرەدا جارێك لە سەر هەڵوێستی ئەو دوو ڕەوتە دەوەستین سەبارەت بە سروشتی جیهاد دژی بێباوەڕان کە ئایا هێرشبەرانە (هجومی)یە، یان بەرگریکارانە (دفاعی)؟

## جیهادی کافران لای ڕەوتی مەدەنی

کەم نین ئەو زانا ئایینی و بیرمەندە ئیسلامییانەی باوەڕیان وایە جیهاد لە ئیسلامدا سروشتێکی بەرگریکارانەی هەیە و بۆ بەرپەرچدانەوەی ستەم و دەستدرێژی و چەوساندنەوەی ئایینی دانراوە، نەك ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکە بە زەبری هێز و هەڵکوتانە سەر کۆمەڵگە و وڵاتانی ناموسوڵمانی

بێـوەی بـە مەبەسـتی ملکەچکردنیـان بـۆ ئیسـلام، بـە شـێوەیەك تەنانـەت جەنگەکانـی فتوحاتیـش هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا لێـك دەدەنـەوە، لەوانـە شـێخ محەمـەد عەبـدە، ڕەشـید ڕەزا، شـێخ مەحمـوود شـەلتوت (کتێبـی: القـرآن و القتـال)، شـێخ محەمـەد ئەبووزەهـرە (کتێبـی: العلاقـات الدولیـه)، شـێخ محەمـەد عەبدولـڵا ئەلـدەراز (کتێبـی: مبـادئ العلاقـات الدولیـه فـی الإسـلام)، شـێخ عەبدولوەهـاب خـەلاف (کتێبـی: السیاسـه الشرعیـه أو الدولـه الإسـلامیه)، دکتـۆر عەبدولکەریـم زێـدان (کتێبـی: أحـکام الذمییـن والمسـتأمنین فـی شریعـه الإسـلام)، د. وەهبـە ئەلزوخێـری (کتێبـی: مـن آثـار الحـرب فـی الفقـه الإسـلامی)، شـێخ یووسـف قـەرزاوی (کتێبـی: فقـه الجهـاد)، د. عیسـام ئەلبەشـیر و فەهمـی هوەیـدی و چەندینـی تـر، لـە کوردسـتانیش د.مسـتەفا زەڵمـی، تەنانـەت م.عەلـی باپیر (ئەمیری کۆمەڵـی ئیسـلامی)ش لـە زنجیرە وتارێکیدا کـە پـاش شـاڵاوەکەی داعـش بـۆ سـەر کوردسـتان لـە 2014 نووسـیونی، جەخـت لـە هەمـان بۆچـوون دەکات.

شـێخ محەمـەد عەبـدە (1849-1905)، ڕەتـی دەکاتـەوە -وەك دوژمنانـی ئیسـلام و تەنانـەت لەوانـەی سـەر بـە ئایینەکەیشـن- ئیسـلام بـە زەبـری شمشـێر بـڵاو بووبێتـەوە و جەخـت لـەوە دەکات جیهـاد بـە مـاڵ، بـە مانـای کوشـتار، یـان جیهـاد بـە ماڵ، خـوا بـۆ موسـوڵمانانی تەنهـا «بـۆ بەرگریکـردن لـە هـەق و ئەهلەکـەی و پاراسـتنی بانگەوازەکـە و بڵاوبوونـەوەی» دای نـاوە. موشریـکان شـەڕیان بـە موسـوڵمانان دەفرۆشـت تـا لـە ئایینەکەیـان پاشـگەزیان بکەنـەوە، هـەر بۆیـە شـەڕەکانی پێغەمبـەر (د.خ) بەرگریکـردن بـوون لـە هـەق و شـوێنکەوتوانی و پاراسـتنی بانگـەوازی هـەق بـوو. عەبـدە پێـی وایـە جەنگەکانـی هـاوەڵان (واتـە صەحابـە) لـە سـەدری ئیسـلام لـەم ئاڕاسـتەیە لای نـەدا و ئەوانیـش بـۆ پاراسـتنی بانگەوازەکـە و موسـوڵمانان بـوو لـە دەسـتی زاڵـمان. بـۆ نموونـە ڕۆمـەکان دەسـتدرێژییان دەکردە سـەر سـنوورەکانی ئـەو وڵاتـە عەرەبیانـەی چووبوونـە نـاو بازنـەی ئیسـلام، فارسـەکانیش لـەوان زیاتـر بڕوادارانیـان ئـازار دەدا، هـەر بۆیـە ئـەو فتوحاتـە ئیسـلامییەی پاشـتر ڕووی دا «سروشـتی دەسـەڵات خواسـتویەتی و هـەر هەمـووی پڕاوپـڕی بـە پێـی ئەحکامـی ئایینەکـە نەبـوو».

عەبـدە دەڵێـت: فەتحـی سـەربازیی ئیسـلامی تەنهـا بەوەنـدەوە دەوەسـتا کـە زەوییـە فەتحکراوەکـە بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خـۆی، پاشـان خەڵکـی ئـازاد دەکـرد لـە سـەر ئایینی خۆیـان بمێننـەوە و تەنهـا جیزیەیەکـی لـە سـەر دادەنـان تـا بـە هۆیـەوە بتوانرێـت پارێـزگاری لـە سـەر و سامانیان لـێ بکرێـت[7].

شـێخ عەبـدە لێـرەدا ئەگـەر چـی دەیەوێـت بڵێـت فتوحاتیـش جـۆرە بەرگرییـەك بـوە لـە مەترسیی هێرشـێکی چاوەڕوانکـراو، بـەڵام شـتێکی گرینگـی گوتـوە کـە دەڵێـت ئـەو فتوحاتـە «سروشـتی دەسـەڵات خواسـتویەتی و مـەرج نییـە جێبەجێکردنـی فەرمانێکـی ئایینەکـە بووبێـت».

شـێخ مەحمـوود شـەلتوت لـە کتێبـی (القـرآن و القتـال) دا، لـە سەرباسـێکدا بـە ناونیشـانی (ئایەتەکانـی قیتـال)، ئایەتەکانـی تایبـەت بـە شـەڕ بـۆ دوو گـروپ دابـەش دەکات، یەکـەم: ئەوانـەی تایبەتـن بـە شـەڕی ناوخـۆی نێـو موسـوڵمانان خۆیـان. دووەم: ئەوانـەی تایبەتـن بـە شـەڕی نێـوان موسـوڵمانان و بێبـاوەڕان، کـە بەشـی زۆری بـۆ دووەم تەرخـان دەکات و پـاش خسـتنەڕووی قۆناغەکانـی

ململانێی نێوان بڕواداران و بێباوەڕان تا دەگاتە قۆناغی جیهادی چەکداری و قۆناغەکانی، لە شیکردنەوەی کۆی ئەو ئایەتانەدا، کە یەکەم دەستە ئایەتیان ئایەتەکانی (39-41)ی سورەتی (الحج)ن[8] کە یەکەم مۆڵەتدان بوو بە خەباتی چەکداری، بەو دەرەنجامە دەگات کە ئەو جەنگە لە پێناو بەگژداچوونەوەی ستەم و دەستدرێژی و دەربەدەرکردنی خەڵك و چەوساندنەوەی ئایینی دانراوە کە لە سەر دەستی قووڕەیش بە سەر بڕواداراندا هات. ئامانج لەو شەڕە بەدیهێنانی ئاشتی و ئازادیی ئایین و نەهێشتنی فیتنەیە لە ئاییندا، هەر بۆیە جەنگەکە دژی ستەمکار و دەستدرێژکارانە بۆ نەهێشتنی ستەمەکەیان نەك ناچارکردنی خەڵك بۆ باوەڕەێنان. بۆ ئەوەیش دیارترین ئەو ئایەتانەی لە بواری جیهاد دا زەق و بەرچاون دەخاتە ڕوو و شییان دەکاتەوە[9].

شێخ یووسف قەرزاوی، سەرۆکی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسوڵمان و یەکێك لە زانا ناودار و پڕ بەرهەمەکانی سەردەم کە لە 150 کتێب تێپەڕیان کردووە، لە کتێبی (فقه الجهاد)دا، بە توندی ڕەخنە لەوانە دەگرێت پێیان وایە پێویستە موسوڵمانان جاڕی جەنگ دژی هەموو دونیا، بە شەڕخواز و ئاشتیخوازییەوە بدەن تا موسوڵمان دەبن، یان بە سەر کزی جیزیە دەدەن و ئەو بیرکردنەوەیە بە «مەترسیدار» دادەنێت، چونکە بە لای ئەو گروپەوە نابێت موسوڵمانان بچنە ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئیمزای میساقەکەی بکەن، کە کار بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشە نێودەوڵەتییەکان دەکات.

قەرزاوی جەخت لەوە دەکاتەوە جیهاد فەریزەیەکە بۆ بەرگریکردن لە ئایین و ئازادیی بانگەواز و سەروەریی خاك و شەرەفی موسوڵمانان دانراوە کە جیهادی دەفعە و پێی دەگوترێت «فەرزی عەین»، نەك دەستدرێژیکردنە سەر خەڵکی بێوەی لە ناو سنووری خۆیاندا و ناچارکردنیان بە موسوڵمانبوون یان سەرکزی، کە ئەوە بە (جیهادی تەڵەب) ناسراوە و پێی دەگوترێت «فەرزی کیفایە» کە لە کۆندا باوەڕ وا بوە پێویستە لانی کەم ساڵی جارێك «غەزوی کافران» بکرێت. قەرزاوی پێی وایە جیهادی تەڵەب تەنیا کاتێک دروستە کە مەترسیی ئەوە هەبێت دوژمن هێرش بکاتە سەر نیشتمانی موسوڵمانان، پێغەمبەر بۆیە چوو بۆ غەزوەی تەبوك لەبەر ئەوەی دەنگۆی ئەوە هەبوو ڕۆمەکان و عەرەبە شوێنکەوتەکانیان بەنیازن بدەن بە سەر شاری مەدینەدا، هەروەها پێی وایە هەلومەرجی مێژوویی و بارودۆخی ئەو سەردەمە کۆنانە نەك دەقەکان وای کردووە هەندێک لە زانا و فیقهوانان بڵێن جیهادی تەڵەب و پەلاماردانی وڵاتی کافران واجبە، بۆ ئەمڕۆ ئەوە ئەرکی موسوڵمانان نییە، ئەرکیان تەنیا ئەوەیە سوپایەکی بەهێزیان هەبێت تا دەستدرێژییان نەکرێتە سەر، هەر بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێت: ئەمڕۆ هیچ پێویست بە جیهادی تەڵەب نەماوە و پێویست ناکات سوپا بۆ ئەورووپا، ئەمەریکا، چین و هیند بنێرین، لەبەر ئەوەی هیچ بەربەستێك لە بەردەم ئازادیی بانگەوازدا نەماوە و تۆ دەتوانی ئازادانە لە ڕێی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بە هەموو زمانی دونیا پەیامی خۆت بگەیەنیت و ئینتەرنێتەوە، ئیتر ئەمڕۆ پێویستمان بە سوپایەك نییە شەڕ بە شمشێر و تۆپ بکات، بەڵکوو پێویستمان بە سوپایەکە جیهاد بە قەڵەم و زانست و فیکر بکات، بۆیە ئیسلام پێشوازی لەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە دەکات کە بانگەشە بۆ ئاشتی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و قەدەغەکردنی دەستدرێژی

دەکـەن. دەتوانیـن بـە ئیسـلامەکەمانەوە لـە جیهانێکـدا بژیـن کـە بانگەشـە بـۆ ئاشـتی نـەك جەنـگ، ئاسـاییش نـەك تـرس، لێبوردەیـی نـەك دەمارگیـری و خۆشەویسـتی نـەك ڕق بـکات. دەتوانیـن لەگـەڵ نەتـەوە یەکگرتـووەکان و یاسـا نێودەوڵەتییـەکان و میسـاقەکانی مافـی مـرۆڤ و گروپەکانـی پاراسـتنی ژینگـەدا بژیـن[10].

لایەنگرانـی ئـەم ڕەوتـە بـۆ ئـەم ڕێبازەیـان لـە پەنـا نەبـردن بـۆ جیهـادی چەکـداری لـە دژی بێباوەڕانی بێـوەی و بێزیان، چەندیـن بەڵگـە لـە قورئـان دەهێننـەوە، کـە جەخـت لـەوە دەکـەن ئەسـڵ لـە پێوەنـدی لەگـەڵ بێبـاوەڕان ئاشـتی و بانگـەوازی هێمنانـە و ژیرانەیـە و تاکـە پاسـاوی شـەڕ سـتەم و دەسـتدرێژییانە، کـە لـەو حاڵەتـەدا بەرگریکـردن مافێکـی سروشـتییە و هەمـوو یاسـاکان ڕێگەیـان پـێ داوە، لـەو ئایەتانـە:

* وَقَاتِلُـواْ فِي سَـبِيلِ اللّـهِ الَّذِيـنَ يُقَاتِلُونَكُـمْ وَلاَ تَعْتَـدُواْ إِنَّ اللّـهَ لاَ يُحِـبِّ الْمُعْتَدِيـنَ {البقـره/190} (لـە پێنـاو خـوادا شـەڕی ئەوانـە بکـەن شـەڕتان دەکـەن و دەسـتدرێژی مەکـەن، بێگومـان خـوا دەسـتدرێژکارانی خـۆش نـاوێ).

* لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ...{البقره/256}

* فَـإِنِ اعْتَزَلُوكُـمْ فَلَـمْ يُقَاتِلُوكُـمْ وَأَلْقَـوْاْ إِلَيْكُـمُ السَّـلَمَ فَـمَا جَعَـلَ اللّـهُ لَكُـمْ عَلَيْهِـمْ سَـبِيلاً {النسـاء/90} (ئەگـەر دوورییـان لـێ گرتـن و شـەڕیان نەکـردن و پەیامـی ئاشـتییان ئاڕاسـتەکردن، ئـەوا خـوا ڕێگـەی پـێ نـەداون بەگژیانـدا بچـن).

* وَإِن جَنَحُـواْ لِلسَّـلْمِ فَاجْنَـحْ لَهَـا وَتَـوَكَّلْ عَـلَى اللّـهِ... {الأنفـال/61} (ئەگـەر ملیـان بـۆ ئاشـتی کـەچ کـرد تۆیـش ملکەچـی بـە و پشـت بـە خـوا ببەسـتە).

* لَا يَنْهَاكُـمُ اللَّـهُ عَـنِ الَّذِيـنَ لَـمْ يُقَاتِلُوكُـمْ فِي الدِّيـنِ وَلَـمْ يُخْرِجُوكُـم مِّـن دِيَارِكُـمْ أَن تَبَرُّوهُـمْ وَتُقْسِـطُوا إِلَيْهِـمْ إِنَّ اللَّـهَ يُحِـبُّ الْمُقْسِـطِينَ. إِنَّمَـا يَنْهَاكُـمُ اللَّـهُ عَـنِ الَّذِيـنَ قَاتَلُوكُـمْ فِي الدِّيـنِ وَأَخْرَجُوكُـم مِّـن دِيَارِكُـمْ وَظَاهَـرُوا عَـلَى إِخْرَاجِكُـمْ أَن تَوَلَّوْهُـمْ وَمَـن يَتَوَلَّهُـمْ فَأُوْلَئِـكَ هُـمُ الظَّالِمُونَ{الممتحنـه/8-9} (بـە کورتـی واتـە خـوا ڕێگریتـان لـێ نـاکا دۆسـتایەتی ئەوانـە بکـەن کـە شـەڕی ئایینەکەتـان ناکـەن و لـە ماڵوحاڵتـان وەدەرتـان نانێـن...).

بـە ڕای ئـەم ڕەوتـە، ئـەم ئایەتانـە بەڵگـەی ئـەوەن ئیسـلام لەگـەڵ ئاشـتیخوازان ئاشـتی و لەگـەڵ شـەڕخوازان شـەڕ دەکات، تەنهـا لەگـەڵ ئەوانـە دەجەنگێـت کـە دژایەتیـی دەکـەن و ڕێگـە لـە بانگەوازەکـەی دەگـرن و بـاوەڕداران دەچەوسـێننەوە.

هەروەهـا پێیـان وایـە جیهـاد تەنهـا وەسـیلەیەکە بـۆ ئاسـانکاریکردن بـۆ بڵاوبوونـەوەی بانگـەوازی ئیسـلامی و نەهێشـتنی بەربەسـت و مەترسییەکانی بەردەمـی، جـا ئەگـەر کـرا ئـەو ئامانجـە بـە بـێ پەنابـردن بـۆ جیهـادی چەکـداری بـە دی بێـت، ئـەوە ئیـتر پێویسـت بـەو جیهـادە نـاکات[11].

ئەمـە جگـە لـەوەی، وەك هەندێـک توێـژەر دەڵێـن، بـاوەڕ بـە بەردەوامیـی جیهـادی چەکـداری دژی ناوچـە و وڵاتانـی ناموسـوڵمان بـە مەبەسـتی ملکەچکردنیـان، دەرئەنجامـی ترسـناکی هەیـە، کـە لـە چـوار خاڵـدا کـورت کراونەتـەوە:

1. ڕەتکردنـەوەی میسـاقی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، کـە کار لـە پێنـاو پێکەوەژیانـی ئاشـتییانەی نێـوان مرۆڤـەکان و ڕێگرتـن لـە سـەرهەڵدانی جەنـگ و بەرتەسـککردنەوەی ئاسـەوارەکانی ئەگـەر ڕووی دا دەکات، ئەوەیـش لەگـەڵ بیرۆکـەی گروپـی جیهـادی تەڵـەب و پەلاماردانـی کافـران

لـە زێـدی خۆیانـدا ناگونجێـت.

2. بـە تاواندانانـی بوونـە ئەنـدام لـە نەتـەوە یەکگرتـوەکان، کـە بـە دەر لـە بەرگریـی چەکـداری ڕێگـە بـە هیـچ پەلامارێکـی سـەربازی و دەسـتدرێژی بـۆ سـەر دەوڵەتـان نـادات.

لـەو بـارەوە شـێخ عەلـی بـن نافع ئەلعەلیانی کـە یەکێکـە لەوانـەی سەرسـەختانە داکۆکـی لـە جیهـادی تەڵـەب دەکات، لـە کتێبـی (أهمیـه الجهـاد فـی نـشر الدعـوە الإسـلامیه والـرد علـی الطوائـف الضالـە فیـە)دا بـە توندی ڕەخنـە لەوانـە دەگرێـت کـە باوەڕیـان وایـە جیهـاد بـۆ بەرگریکردنـە و دەڵێـت ئەوانـەی دەڵێـن «ئیسـلام لەگـەڵ ئاشـتیخوازان ئاشـتی و لەگـەڵ شـەڕخوازان شـەڕ دەکات، سـەنەدێکی شـەرعییان دایـە حکوومـەت و دەوڵەتۆکەکانـی وڵاتانـی ئیسـلامی کـە بچنـە نـاو ئـەوەی پێـی دەگوترێـت نەتـەوە یەکگرتـوەکان کـە جەنـگ حـەرام دەکات لـە یـەك شـێوەدا نەبێـت ئەویـش شـێوەی بەرپەرچدانـەوەی دەسـتدرێژیی چەکدارییـە. جیهـادی دەسـتپێکردن و تەڵـەب لـە شـەریعەتی نەتـەوە یەکگرتوەکانـدا حەرامـە و داوا دەکات خەڵـك بـە گشـتی بـە جیاوازیـی ئایینیانـەوە لـە بتپەرسـتی و ئاگرپەرسـتی و بـوزی و جولەکایەتـی و نەسرانـی و هیندۆسـی، بگـرە مولحیدەکانیـش کـە دان بـە بوونـی خـوادا نانێـن، بـە تەبایـی و ئاشـتی و خۆشەویسـتی و هـاوکاری بژیـن، ئەگـەر کێشـەیەکیش لـە سـەر سـنووری زەوی ڕووی دا، ئەنجوومەنـی ئاسایشـی تاغوتـی دەکەنـە دادوەر، کـە بـۆ سـاتێکیش نەگەڕاوەتـەوە بـۆ لای ئـەوەی خـوا دای بەزانـدوە».

پاشـتر دەڵێـت «ئەگـەر ئەهلـی بەرگری بیانزانیایـە چـی لـەو قسـە شـوومەیان دەکەوێتـەوە لـە خسـتنی فەریـزەی جیهـاد و بەحاکمکردنـی کوفـر، بێبـەری بوونـی خۆیـان لـەو قسـە پیسـە دەردەبـڕی، ئەگـەر کەسـێکیان تێـدا بێـت خـوا و پێغەمبەرەکـەی خـۆش بوێـت و سـنووری ئـەوەی خـوا فەرمانـی پـێ کـردوە بزانێـت»[12].

3. بەرهەڵسـتیکردنی ڕێکەوتننامـەی هەڵوەشـاندنەوەی کۆیلایەتـی. لایەنگرانـی جیهـادی هێرشـبەرانە دژ بـە ڕێکەوتننامـەی (هەڵوەشـاندنەوەی کۆیلایەتـی)ن کـە نەتـەوە یەکگرتـوەکان پەسـەندی کـردوە و ڕێگـە بـە کـەس نـادا لەبـەر هـەر هۆیـەك بێـت کەسـی تـر بکاتـە کۆیلـە، بەوەیـش -بـە بـڕوای ئـەوان- شـتێك حـەرام دەکـەن کـە خـوا حەڵاڵـی کـردوە. لێـرەوە بـە توندی ڕەخنـە لـەو زانا و بیرمەندانـە دەگرێـت کـە پێیـان وایـە (ئیسـلام کۆیلایەتـی دانەهێنـاوە، بەڵکـوو کاری بـۆ بنبڕکردنـی کـردوە) و ئـەو کەسـانە بـە دەسـتکاریکردن و شـێواندنی دەقەکانـی شـەریعەت تۆمەتبـار دەکات[13].

4. بەرهەڵسـتیکردنی ڕێکەوتننامـەی جنێـڤ لـە بـارەی مامەڵـە لەگـەڵ دیلەکانـی جەنـگ، کـە ئـەو ڕێکەتننامەیە لە سـەر لایەنـەکان پێویسـت دەکات بەباشـی مامەڵـە لەگـەڵ دیلـی جەنـگ بکـەن و کەشـوهەوایەکی مرۆڤدۆسـتانەی گونجاویـان بـۆ دابیـن بکرێـت لـە خـواردن و خواردنـەوە و جلوبـەرگ و چارەسـەری نەخۆشـی و ئەشـکەنجەنەدان و نەکوشـتن و بەکۆیلەنەکردنیـان.

شـێخ عەلیانـی نکوڵـی لـە تـەواوی ئەمانـە دەکات و ئەوانـەی دانیـان پێـدا دەنێـن بـە (گۆڕینـی دیـن) تۆمەتبـار دەکات، لـەو ڕووەوە ئیسـلام ڕێگـە بـە کوشـتنی دیـل و بەکۆیلەکردنـی دەدات.

**پەراوێزەکان:**

1. لێکۆڵینەوەیەك بە ناونیشانی: الجهاد، شێخ عەبدولقادر شیبە ئەلحەمەد، کە لە سایتی ڕەسمی ویکیپیدیای ئیخوان موسلیمین بڵاو کراوەتەوە.

2. غەزوە ئەوەیە پێغەمبەر (د.خ) خۆی تێدا بوە جا چ شەڕی کردبێت، یان نەی کردبێت. بە کەوتنەڕێ بۆ شەڕی دوژمن لە زێدی خۆیدا گوتراوە.

3. سریە مەفرەزەی بچوك بچوك بوون کە بۆ چالاکیی پارتیزانی دەردەچن و فەرماندەی گشتییان لەگەڵ نییە، بەڵکوو یەکێك لە سەرکردەکانی لەگەڵ بوە. (سایتی: اسلام ویب).

4. بڕوانە سایتی: المكتبه الاسلاميه: http://library.islamweb.net/newlibrary/index.php

5. بڕوانە:

- حديث القرآن عن الجهاد فی سبيل الله، محمد بن عبدالعزيز الخضيری، لە سایتی: صيد الفوائد http://www.saaid.net/

-توێژینەوەیەك لە بارەی جیهاد لە ویکیپیدیای ڕەسمیی ئیخوان موسلیمین بە ناونیشانی (الجهاد). http://www.ikhwanwiki.com/index

6. مجموعه رسائل الامام الشهيد حسن البنا، الجزء الثانی، چاپ نهضت، لا217-254.

7. بۆ ئەم گوتانەی سوود لە لێکۆڵینەوەیەك وەرگیراوە بە ناونیشانی: تطور مفهوم الجهاد فی الفكر الإسلامی، ماهر الشريف، سایتی: الحوار المتمدن- ژمارە: 2322 لە: 26-4-2008.

8. أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ {الحج/39} الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ {الحج/40} الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ {الحج/41}

9. القرآن و القتال، محمود شلتوت لا58-82.

10. کتێبی (فقه الجهاد) دوو بەرگە، ڕاستییەکەی دەرفەتم نەبوە خودی کتێبەکە بخوێنمەوە، بەڵام لە سایتی ڕەسمیی قەرزاوی ڕانانێکی پوخت و تێروتەسەل بۆ کتێبەکە کرابوو. بۆ ئەم زانیارییانە پشتم بەو پوختەیە و هەندێک دیمانەی تری قەرزاوی بینیوە.

11. توێژینەوەیەك بە ناونیشانی: الجهاد بين الدفاع و الهجوم، فەسڵێکە لە کتێبێك کە بەداخەوە ناونیشانی کتێبەکە و دانەرەکەی لە سەر نەبوو/ زنجیرە وتارێکی عەلی باپیر بە ناونیشانی: نابێت بە هەڵە ئەنجامدانی جیهاد، جیهادمان لە بەر چاو بخات، ئەڵقەی حەوتەم و کۆتایی 2014/12/12.

12. کتێبی: (اهميه الجهاد)، العلياني، لا346-349.

13. هەمان سەرچاوە لا373-374.